www.kurdistannet.org

Revolutionareis Union of Kurdistan
secretariat

یەکێتی شۆڕشگێڕانی کوردستان
دەبیرخانە

# ئاگاداریی دەبیرخانەی
# یەکێتی شۆڕشگێڕانی کوردستان

دەوروبەری سەعات ١ی نیوەڕۆی ئەمڕۆ بەکاتی ئوروپا، لە ئادریس و شوێنێکی نادیارەوە، بە بەکارهێنانی ئارم و ناوی کۆمیتەی ناوەندیی یەکێتی شۆڕشگێڕانی کوردستان، نووسراوەیەك بەناوی "بەیاننامە"، بۆ سایتە ئەنترنێتیەکان ئیمایل کراوە کە ناوەرۆکەکەی دوورە لە راستی و بەمەبەستی شێواندن و ژاراوی کردنی کەش و هەوای سیاسی و شەڕی رەوانی لەگەڵ یەکێتی شۆڕشگێڕانی کوردستان کراوە. ئەم کارە ترسەنۆکانەیە هاوکات لەگەڵ زنجیرە پیلانێکی وەزارەتی ئیتلاعاتی کۆماری ئیسلامی لە دژی یەکێتی شۆڕشگێڕانی کوردستان دەکرێ کە بە خۆشییەوە سەریان نەگرتووە و پووچەڵ کراونەتەوە.

سکرتێری گشتیی RUK بەڕێز کاك حسەین یەزدانپەنا و باقی تێکۆشەرانی ریزەکانی لەوپەڕی سەر و دڵخۆشیدا بە خەباتی کوردایەتییەوە خەریکن و ئەو جۆرە پیلانانەش زەڕەیەك کار لە عەزم و ئیرادەی شۆڕشگێڕانەیان ناکا و ناوەرۆکی ئەو نووسراوەیەش هەروەك نووسەرانی، ئەوەندە نزم و بێبایەخە کە پێویست بە وەڵام دانەوە ناکا.

دەبیرخانەی
یەکێتی شۆڕشگێڕانی کوردستان
٤ی بەفرانباری ٢٧٠٣
٢٥ی دیسامبری ٢٠٠٣

www.ruk2691.org
ruk2691@hotmail.com